# حاکم قادر ؛ئایا خەڵکی ئابڵاخ جاش بوون،کە هەرچی زەوییان هەبوو لووشتاندا؟!

ماوەیەکە حاکم قادر، سەرۆکی شارەوانی سلیمانی لە ماڵپەڕەکاندا دەردەکەوێت، بۆ پاساودانی ئەو تۆمەتانەی کە لە لایەن خەڵکییەوە دەدرێنە پاڵی.
حاکمی قارونی سلیمانی لە بەرامبەر ئەو هەموو فەسادی و تاڵانوبڕۆیی خۆیی و حیزبەکەی؛ نیگەرانە کە خەڵکی راستییەکانیان بە رووودا دەداتەوە، هەربۆیە پەنا دەباتە بەر فەرهەنگی شاخ وجنێو بەخشیینەوە بەسەر خەڵکیدا.
حاکم قادر، دەبێت نانێک بخوات و یەکێکیش لە موڵکی داگیرکراوی خەڵکی بکات بە خێر؛ کە خەڵکی تائیستا هەر گللەیی و بۆڵە دەکەن و هێشتا فرسەتی ئەوەیان دەستنەکەوتووە بارەگاکانیان وەک ئەمنە سوورەکە بەسەردا بڕوخێنن! کە ئەو رۆژەش هەردەبێت بێت!
حاکم قادر دەیەوێت وەک خوا دەستەڵاتی هەبێت؛ بەڵام جێاوازی ئەو لەگەڵ خوادا ئەوەیە کە ئەم حەزی لە شەریکێشە، دەزانن چۆن! سەرەڕای ئەو هەموو زەوییانەی بۆخۆی بەدەستی هێناون؛ بە ئۆتۆماتیکیش بۆتە شەرێکی هەندێ لەو کەسانەی کە زەوییە داگیرکراوەکانیان بە نیسبەتی لەسەدا دە دراوەتەوە(بەڵام کردوونی بەناوی خەڵکانی نزیک و سەربەخۆی).
لە راستیدا، زۆر بە پێویستی نازانم کە زیاتر حاکم قادر و بارەگاکەی کەبە چاڵەوانی سلێمانی ناسراوە ( کە ئەویش داگیرکراوە) ، رەخنە لێیگرم چونکە بێگومانم بە وشەحازربەدەستەکانی جاش و پیاوی بەعس ئیتیهامم بکات! بە باشتری دەزانم کە بەشێک لەو دوکۆمێنتانە بخەمەوە بەردەستی خوێنەران کە پێشتریش بڵاوکراونەتەوە و نە حاکم قادر و نە هیچ یەک لە رەفیق حیزبییەکانی! نێو حکوومەتەکەی قسەیەکیان لەسەر نەکرد!
با خەڵکی راستییەکان بزانن و حاکم قادریش خۆی بێتە وەڵام، داواشدەکەم کە خەڵکی لە هەڵە زمانەوانییەکانی خۆش بن!

**داگیرکردنی زەوی لە سلێمانی بە پێی یاساکانی بەعس!**

کێشەی زەوی لە کوردستان، یەکێکە لەو کێشانەی کە لە هەموو دەورەیەکی مێژووی و ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە ناوچەکەدا سەوداو مامەڵەی پێکراوە و زۆر جار خوێنڕشتن و گەرماوی خوێنی لەسەر سازکراوە.

گەر دوور نەڕوێن، هەموومان لە میدیاکانی خودی ئەحزابی حاکم لە کوردستان سەدەها جار گوێمان لێبووە کە هۆی شەڕی ماڵویرانکەری ناوخۆی ساڵی 1994یان بۆ دەستدرێژی یەکێك لە ئاغاکانی پشدەر بۆ سەر زەوی و ماڵی لایەنگرانی حیزبی بەرامبەر، دەگەڕاندەوە.

پرۆسەی ئیسلاحی زراعی و دابەشکردنەوەی زەوی لە عێراق، کە لە ژێر ناوی بەرگری لە جوتیارانی هەژار بەڕێوە دەچوو، پرۆسەیەك بوو بۆ ڕاماڵینی پاشماوەی دەرەبەگایەتی و سەقامگیربوونی سیستێمی سەرمایەداری. ئەم پرۆسەیە بە هۆی شۆڕشی ساڵی 1974 کە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕابەرایەتی دەکرد لە کوردستان ڕێگری جدی لەبەردەم جێبەجێکردنیدا دانرا.

پاش دەسەڵاتداری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە هەندێ ناوچەی گوندنشیندا، بە دوای شکستی پارتی، یەکێتی لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی خۆی بۆ ڕاکێشانی جوتیارانی هەژار و دەستکورت لاسایی هەمان پرۆسەی کردەوە لە ژێر ناوی سوسیالیزم و هەڵوەشاندنەوەی موڵکایەتی تایبەتی، بەڵام هەردوای گەشتنیان بە حکومەت و دەستەڵاتی فیعلی خۆیان ئەم پرۆسەیە بە باداچوو، و بەدوای خۆیدا گورەترین کێشەی بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە سازکرد و دەیان شەڕو شۆڕی عەشایەری لێکەوتەوە.

حکومەتی بەعس، کە بۆ خۆی حکومەتێکی سەرمایەداری دەوڵەتی لە شکڵی حکومەتی شۆرەوی بوو، لە ژێر ناونیشانی ئیشتراکی عەرەبی، دیاریکردنی ئاستێك بۆ موڵکایەتی، یاسایەکی دانا بە ناوی (قانون الاطفأ) واتە کوژانەوەی مافی موڵکایەتی، حکومەتی بەعس بەم یاسایە زەوی و زارێکی زۆری خەڵکی داگیرکرد. ئەم یاسایە کە بە بڕیاری سیاسی دەستەڵاتدارە بەعسیە ئیسنان کوژەکان بەڕیوەدەچوو، هەمیشە بڕیاری سیاسی ئەمان سەنگی مەحەك بوو کە کێ زەوی ئەتفا بکرێت یان نەکرێت، لە کوردستان ئەم بڕیارە هەموو ئەو زەویانەی گرتەوە کە خاوەنەکانیان ئامادە نەبوون مل بۆ جاشایەتی و نۆکەرایەتی بەعس بدەن، بەکورتی بەعس لە کوردستان ئەم یاسایەی بە دەستەوە گرتبوو لە دژی خەڵکی کوردستان و چاوسوورکردنەوە و هەڕەشەکردن لە ئەتفاکردنی زەوی و موڵکی ئەو کەسانەی کە لە دژی ئەو ڕژێمە هارو دڕندەیە چەك هەڵدەگرن، یاخود مل بە سیاسەتەکانی نادەن، بەڵام دژیاتی و خەبات لە دژی بەعس قوربانی دان بە گیانی دەویست کە لە دەستدانی زەوی و موڵك بە ئاوخواردنەوە دەهاتە بەرچاو!

خەڵکی سلێمانی، هەمووشێخ جەعفەر بەرزنجی دەناسن کە پارێزگاری سلێمانی بوو جگە لەوەی قارەمانێکی بەرزی ئەنفال بوو قارەمانی ئەتفـــــاو دا ـیرکەری زەوی ومآڵی خەڵکی نەیارانی بەعس بوو، ئەو زەویە دا ـیرکراوانەیان بەسەر دارو دەستەی خۆیان لە رەفیق حیزبی، جیش شعبی، مەلاکان دابەشکرد، پاشان هەندێکی تری کرا بەناوی خیزانی شەهیدانی قادسیەی صدامەوە.

خەڵکی زیان لێکەوتوو کە ئومێدیان بەڕاپەڕین و دەستەڵاتی کوردی بەستبوو، لە بێ هیوایی هیچیان بە نسیب نەبوو، ئەوەی حکومەتی بەعس لە دەستی دەرچوو ئەمان کردیان، ئەو نەیارە خاوەن زەویانەی کە کوڕیان پێشمەر ـە بوو ئەوانەی کوڕیان هەڵاتوو سەربازی و سەر بە ئەفواج خەفیفە نەبوو کە ناویان خرابووە سەرەوە و چاوەڕی ئەتفاکردنی زەوی ومۆڵکەکانیان بوون بەڵام بە هۆی کشانەوەی ئیدارەی حکومەتی بەعس لە کوردستان بڕیارەکە جێبەجێ نەکرا , ئەمان لیستەکەیان هێنا دەرەوەو فوویەکیان لە تەپو تۆزی نیشتووی کردوو، زەویەکانیان دا ـیرکردن و خستیان ڕیزی زەویە (الاطفأ) کراوەکانەوە.

لێرەدا سەیر ئەوەیە کە یەکێتی دەورانێکی زۆر خەڵکی لە دەور خۆی کۆدەکردەوە کە ـوایە بە دوای ئاڵو ـۆرە لەیاساکانی بەعسدا, بەڵام حکومەتی بەعس پێش رووخاندنی کارکردنی بەم یاسایە را ـرت، کەچی حکومەتەکەی یەکێتی بۆتە شڕەخۆری یاساکانی بەعس لە کوردستان، بە واتایەکی تر شەڕکەر وازی هێناو کەچی ناوبژیوان وازناهێنێت!

ئەوەی شایانی باسە، ئەم زەویانە هەمووی خاوەنی هەیە و تەواوی ئەو زەویانە ژمارە و تاپۆی ڕەشی سەردەمی مەلیکیان هەیە، ئیتر دەکرێت ئەمە بەس بێت بۆ هەر دەستەڵاتێك کە دەم لە شەرعیەتی یاسا بکوتێ، کە دان بە خاوەنداریێتی ئەو زەویانە بۆ خاوەنەکانیان بنێت، دانانی هەریاسایەك بۆ سڕینەوەی خاوەنداریێتی ئەو مۆڵکانە نا شەرعی و ملهوڕیە.

دەستەڵادارانی حکومەتی یەکێی، لە وەڵام بە خەڵکی ناڕازی و کلاونانەسەریان وتوویانە کە خەمتان نەبێت ئێمە کاری قانونیتان بۆ دەکەین، بەڵام ئەم دیمەنە کاریکاتێری و دەستخەڕۆکردنە، ـەر دەستەڵاتداران ڕستگۆ بوونایە دەبوو بیان وتیا هەوڵدەدەین ئەو قانوونە بگۆڕین، یاخود لایەنی کەم ئێمەش وەك بەعس کاری پێنەکەین، بەڵام ـەڕانەوە بۆ قانون واتا شەرعیەتدان بە دا ـیرکردن چونکە قانونی دا ـیرکردنەکە لای ئەوان هێشتا کاریپێدەکرێت و جێگەی ڕێزە!

وەك ئاشکرایە، یاساکان ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سیاسی و ئابوریە، حکومەتی بەعس ئەم یاسایەی لە کاتێکدا دانا کە دەمی بە ناو لە ئیشتراکیەت دەکوتی، بەڵام ئیستا کە مۆڵکایەتی تایبەتی و بازاڕی ئازادی قبوڵە کار بەم یاسایە ناکات، بەڵام بۆ حکومەتەکەی یەکێتیش کە سەرمایەداربوونی وڵات بە کەرتی تایبەت و بازاڕە ئازادەکەیەوە! بە خوێن و بە ـیان قبوڵە دەبوو کارێکی هەر لەم چەشنە بکات،

بەڵام دیارە ئەوان خۆیان بە موەقەت دەزانن و سوود لە کاتی بەنرخ وەردەگرن بۆ کەڵەکەی سەرمایەکانیان!
یەکێتی نیشتیمانی و حکومەتەکەی بۆ شەرعیەت دان بەم بڕیارە لە ناو خەڵکیدا وا قسە دەکەن کە گوایە ئەو زەویانە بۆ بەرژەوەندی گشتی وەك باخ و پرۆژەی ئاوەدانی و خیزانی شەهیدان بەکاردەهێنێت، ئەم قسەیە دوورە لە ڕاستی و موستەمسەکی تەواو لە بەر دەستدایە کە ئەو زەویانە هەر لە سەرەتاوە بەسەر مەسئولین و حیزبیە گەورەکانی خویان دابەشیان کرد و هەر زوو بە هاووڵاتیانی ئاساییان فرۆشتەوە تا سبەینێ لە سەر ئێشە بە دووربن. خۆ ئەگەر مەسەلەکەش بەرژەوەندی گشتیە ئەوا دەبێت ئەو زەویانە بکڕدرێنەوە لە سەر بڕیارو ڕێکەوتنی هەردوولا. گەر مەسەلەش ڕێزلێگرتنی شەهیدانە، ئەوا دووبارە یەکێتی بۆ شەهیدەکانی خۆی دەکرێت لە بودجەی‌خەیاڵی خۆی زەویان بۆ بکڕێت،ئەو زەوی و موڵکانە دەستکەوتی جەنگ (غنائم الحرب) نین کە بدرینە جەنگاوەران و کەسوکاری شەهیدان، ئەوانە بۆ خۆشیان زیانباری دەستی بەعسن و بەشێك لەو زەویە داگیرکراوانە خاوەنەکانیان کەسانی شەهیدی پێشمەرگەو قەسابخانەکەی ئەبوغرێبی بەغدان، بەڵام دیارە ئەمە ئاوی حەمامەو یەکێتی دەیەوێت پیاوەتی بە سەرەوە بکات!
وەك ئاشکرایە، خەڵکی ئەو خاوەن زەویانە زۆریان ئیستا کەسانی موحتاجن و سەقفێك شك نابەن کە تیدا بژین و زۆریان کرێچی و دانیشتووی خانووی قوڕینن، بەڵام یاساکان هەمیشە لە بەرژەوەندی دەستەڵاتداران و سەرکوتی ئەم ئینسانە دەستکورت و زیان لێکەوتووانە کاری پێدەکرێت، لە نموونەی ئەمەشدا ئەندامی بەرزی یەکێتی نیشتمانی بەڕێز ملازم عومەر یەکێکە لەو کەسانەی کە حکومەتی بەعس زەوی و موڵکەکانی خستە لیستی زەویە ئەتفـــا کراوەکانەوە، بەڵام ئیستا خاوەنی تەواوی زەویەکانی خۆیەتی!ئەمەش بانێکەو دووهەوا!
خاڵێکی تر، کە جێگەی شەرمەزاریە بۆ کەسێك کە خۆی ڕۆژێك لە ڕوژان بە کوردپەروەر یاخود دژە بەعس لە قەڵەم دابێت، دوانزە سیانزە ساڵ لە حوکم و دەستەڵاتداریتیان، لە کیتابی ئەتفـــای ئەو زەویانە نووسراوە (بموجب قرار مجلس القیادة الثورة)، واتە بە پێی بڕیاری مەجلیسی سەرکردایەتی شۆڕشی حکومەتی بەعس، خەڵکینە، هیچ ناونیشان و تایتلێك ناتوانێت ئەمە بگرێتە خۆی جگە لە بەعسییەتی حکومەتەکەی یەکێتی نەبێت!!!
پێویستە ئەوەش بلێین: کە ئەو زەویانە دەبێت بۆ خاوەنەکانیان بگەڕێنرێتەوە و زەرەروزیانەکان قەرەبووبکرێتەوە، هەروەها سەبارەت بەم پێشلکردنەی مافی خەڵکی، دەبێت لە زووترین کاتدا شکاتنامە و دادگاکانی ئەوروپا و ئەمینستی ئەنتیرناشیونال بە دەستەوە بگیرێت، چونکە ئەوان نایەنەوێ لەو جێگەیەی خویان و چەکەکانیان حاکمە گوێ لە داوای خەڵکی و ڕێز بۆ بەرژەوەندیەکانی خەڵکی

دابنێن، له بەر ئەوە بەدەستەوە ـرتنی داد ـاکانی ئەورووپا هەنگاوێکی شیاوە لەو ڕاستایەدا، دەبێت حکومەتی هەرێمی یـەکێتیش ئەمە بە مافی خەڵکی بزانێت کاتێك کە یاساکانی کوردستان دەستەوەستانن لە ئاست بەر ـری لە مافی خەڵکانی تردا!

ئێمە، لێرەدا دەوەستین و داوا لە خوێنەران دەکەین کە ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە بخوێننەوە تاکو ڕێرەوی ڕووداوەکان لە ڕێگەی ئەم بەڵگەنامانە تێبگەن و بزانن کە چ زوڵم و زۆرێك لە کوردستان و حکومەتە سوپەر دیموکراتەکەی یـەکێتیدا بەڕێوەدەچێت، بزانن چۆن بە ئیمزای خودی جلال تالەبانی تەنانەت، ڕێگەی شکاتنامەو مەحکەمەش لە هاولاتیان ئەبەسترێت!

بەڵگەنامەی زۆرتریش لەبەردەستدایە کە لەداهاتوودا پێشاندەدرێت بۆنموونە،کە چۆن حکومەتی هەربێنە! تەنیا لە ئابلاخی سلێمانی 2408 دۆنمی لە خەڵکی دا ـیرکردووە.

بسم اللة الرحمن الرحيم

مجلس قيادة الثورة

رقم القرار : ٨٠٠

تاريخ القرار ٢١/ جماد ي الاولى /١٤١٠

٩٨٩/١٢/١٩

## قرار

**********

استنادا الى احكام الفقرة ( ا ) من المادة الثانية و الاربعين من الدستور قرر مجلس قيادة الثورة ما ياتي : —

١. يقدر التعويض عن الارض المملوكة ملكا ( صرفا ) او الموقوفة وقفا ( صحيحا ) و عن حق التصرف في الارض المملوكة للدولة المثقلة بحق التصرف التى تحتاجهااحدى دوائر الدولة و القطاعين الاشتراكي و المختلط بالاسعار السائدة حسب جنس الارض في تاريخ وضع الجهات المذكورة يدها عليها او في تاريخ طلبها الاستملاك ايهما اسبق .

٢. لا يعمل بأى نص يخالف احكام هذا القرار .

٣. يتولى الوزراء المختصون و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القرار

صدام حسين

رئيس مجلس قيادة الثورة

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة إقليم كوردستان

رقم القرار: (١٢٤)

التاريخ : ٢٠٠٠/١٠/١٧ م

الموافق : ٢٥/رەزبەر/٢٧٠٠ ك

# قـــــــــــرار

إستنادا إلى أحكام الفقرة (٤) من المادة (العاشرة) من القانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢ و بناءا على ما عرضه مجلس وزراء إقليم كوردستان و بغية تمكين وزارة البلديات و السياحة من تهيئة الأراضي لأغراض المشاريع و الخدمات العامة. قررنا منح وزير البلديات و السياحة الصلاحيات التالية:

١. أطفاء حق التصرف للأشخاص في الأراضي الزراعية المملوكة للدولة و الواقعة ضمن حدود المرحلة قيد التنفيذ من التصاميم الأساسية للبلديات و التي تكون أستعمالها بموجب تلك التصاميم هي (صناعية، تجارية، مباني عامة، سياحية، وحدائق). و يعوض أصحاب حق التصرف المطفأ عينا بنسبة قطعتين سكنيتين لكل دونم على أن لا تزيد مساحة القطعة الواحدة عن (٢٠٠م٢)، وإن الأراضي موضوع التعويض يتم تحديدها من قبل لجنة خاصة تشكلها وزارة البلديات و السياحة على أن تراعي اللجنة عن التعويض خصوصية الأرض من حيث موقعها و قيمتها و يتم تسجيلها ملكاً صرفاً بأسمائهم.

٢. يتم الأطفاء أعلاه من قبل تنفيذ القرار (٢٢٢) لسنة ١٩٧٧م

٣. تطبق أحكام قانون المرافعات المدنية رقم (٨٣) لسنة ١٩٦٩ فيما يتفق مع مضمون هذا القرار ولذوي العلاقة حق الاعتراض خلال مدة خمسة عشرة يوما من تاريخ تبليغهم بالقرار لدى وزير البلديات و السياحة.

٤. يعتبر القرار الذي تصدره اللجنة المذكورة في الفقرة (٢) إعلاه قطعيا بعدم الأعتراض عليه من قبل ذوي العلاقة خلال المدة المذكورة في الفقرة (٣) اعلاه او برد الأعتراض و المصادقة عليه من قبل وزير البلديات و السياحة.

٥. تمنع المحاكم من سماع الدعاوي التي تنشأ من جراء تطبيق هذا القرار.

٦. لوزير البلديات و السياحة إصدار التعليمات اللازمة لتنفيذ هذا القرار.

٧. لا يعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القرار.

٨. ينفذ هذا القرار من تاريخ صدوره.

٩. على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار.

١٠. كتب هذا القرار في السليمانية بتاريخ ٢٠٠٠/١٠/١٧ م الموافق ٢٥/رەزبەر/٢٧٠٠ ك.

جلال طالباني

رئيس اقليم كردستان

**بۆ برای بەڕێزو خۆشەویست کاکە دکتۆر بەرهەم پێشکەشە**

**سلاوێکی برایانەی گەرم......**

پێشەکی بە ناوی خۆم و (کۆمەڵەی داکۆکی لە خاك و سەروەری شاری سلێمانی و دەوروبەری) بەخێرهاتنەوەیەکی گەرمت لێ دەکەین وە گەیشتنەوەت بە سەلامەتی و سەرکەوتوویی بۆ شاری باوو باپیرانمان (شاری سلێمانی ) هیوادارین لە کارەکانتا سەرکەوتوو بیت لە پێناو خزمەت بە گەلی کورد و کوردستان بە گشتی شاری سلێمانی بە تایبەتی.

برای بەڕێزم / دوای ئەو چاو پێکەوتنەی لەگەڵ جەنابت لە ماڵی خۆتان سوپاس بۆ هەڵوێستی مەردانەت بۆ پێك هێنانی لیژنەی تایبەت و پەیوەندی دار بۆ چارەسەری (کێشەی زەویەکان) کە گەورەترین کێشەیە تا ئێستا چارەسەر نەکراوە هەرچەندە دوای ڕۆیشتنت بۆ ئەو سەفەرە و بە ماوەی هەشت و سێ ڕۆژ بەهەڵسوکەوتی (سێ هەفتە) لەمەو پێش کۆ بونەوەیەکیان کرد لە وەزارەتی دارایی، پێش کۆبونەوەکە وەزیری شارەوانی و حاکم قادر نەبێت سەرو نوسخە لەربانگەوازە ٣ لاپەڕیە کە سەرو نوسخەمان نارد بۆ لیژنەکە بۆ ئەوەی زیاتر زانیاریان هەبێت.دەربارەی ئەو زەویانەی کە لەو ڕۆژەوەی حاکم قادر دەست بەکاربووە بۆ سەرۆك شارەوانی کە تا ئەمڕۆ ٤ ساڵ و ١١ ڕۆژە بەردەوامە بە ئەرز داگیر کردن ئەوەی ئەو کردوویەتی بەم شارە لە مێژووی دروست بوونی ئەم شارە تا توورك و ئینگلیزەکان و حکومەتی عەرەبی و عێراق ئەو کاتە زاتی ئەوەیان نەکردووە ئەوەی ئەو کردوویەتی گوایە بە ناو هەڵمان بژاردووەو نوێنەری ئەم شارەیە، ئەوەی ئێمە لە بارەیەوە دەزانین چیو چیاك کردووە جەنابت ڕەنگ بێت لە ١٠ ٪ ی بزانیت چوونکە کاتی خۆی جەنابت لێرە نەبویت و تا ڕووخاندنی (ڕژێمی سەدام) چوار دەورەکەت نەیان هێشتووە بەم کارە ناڕەوایانە بزانیت ئەگەر کاتی خۆی چوار دڵسۆزی خەڵکی شارەکەت لە دەورو بەر بوایە کار نەئەگەیشتە ئەوەی ئەوان بەو شێوەیە هیچی تیا نەهێڵن و تا سەر ئێسقانی بەرن و ئاوا لە خەڵکی خۆڕاگرو بە شەرەفی ڕەسەنی شاری سلێمانی بکەن. خەڵکی ئەم شارە قوربانی و خوێن بڕژێت بەرەکەشی ئەمان بیخۆن کە بە هیچ شتێك تێر نابن هەرچی زەوی باش هەبوو لەناو شارو چوار دەوری شار کردیان بە ناوی کەس وکاریان و کردیان بە کۆشك و تەلار و مەشتەل و بانزین خانەو بینای گەورە ئەوەشی کە زیاد بوو شوێنەکانی تر کە هەمووی موڵکی خەڵکی سلێمانی و دەوروبەری کە هەمووی تاپۆو (صورەت قید) یان هەیە هەر کۆمەڵە پارچە زەوییەك هەر کۆمەڵەی بە ناوی شتێکەوە دایان بە خەڵکی بە پارەیەکی کەم بۆ ڕاگیاندن و داپۆشینی ئەو ئەرزانەی کە خۆیان لە خەڵکیان داگیر کردووە. ئەوانەشی کە وەریان گرتووە هی وا هەیە سێ جار وەری گرتووە و لە ٨٠٪ ی خەڵکی ئێرە نین زۆریشی ناموستەحقن و یان ماستاوچین یان کاتی خۆی پیاوی ڕژێمی بەعس بوون بەڵام ڕێز لەوان دەگرن و غەدر لە خەڵکی ئەم شارە دەکەن یان هەردوو لایان ناویان لە فایلدایە. هەتا دامەزراندن لە دائیرەکاندا نەقڵ کردن و پلەو پایەی وەزیفی هەر بۆ ئەو جۆرە

کەسانەیە هەمووشی بەڵگەمان هەیەو ئەزانین کێ دەلاڵی حاکم قادرە بۆ فرۆشتنی زەوی خەڵکی ئەم شارەو دروست کردنی بینای گەورە بە شەریکی. بۆ نموونە : –

نامیق اسماعیل کانی سپیکەیی کە ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانیە لە زەوی کانی سپیکە ٨٥ پارچە زەوی خەڵکیان داگیر کردووە و دەیفرۆشنەوە و جەنابت ئەتوانیت لە تاپۆو بەشی هونەری لە شارەوانی بە نهێنی تاقیبی بکەیت بۆ ئەوەی ڕاستیت بۆ دەر بکەوێت.

ئەمجا ئەو بانزین خانەو غەسلەی دەکەوێتە دووریانی ڕێگای عەربەت و تانجەرۆ و ئەو مەشتەلە گەورەیەی لەسەر قەدپاڵی دووریانی تانجەرۆیە حاکم قادر لەسەر خەزووری تاپۆی کردووە بێجگە لە برا و کەسەوکاری کە شوێنەکانیان هەموو ئەزانین لە کوێدایە لە ناو شاردا هەمووی بە ناوی بەرژەوەندی گشتییەوە پاڵی نا بە خاوەنەکانیانەوە یان ئەو زەوییەی کە ١٢٠٠ (هەزارو دوو سەد) مەترە کەوتووەتە پشتی دائیرەی ئاو بەرامبەر هۆڵی (دیالۆگ) کاتی خۆی لەسەر کارگەی جگەرەکە بوو عایدی وەزارەتی پیشەسازی بوو بە بڕیارێك کردیان بە زەوی شارەوانی دەستی گرت بەسەر ئەویشا بۆ خۆی سێ ساڵە ئیشی تیا دەکەن وا لە تەواو بوندایە قەسرێکە لە سلێمانی تا ئێستا کۆشك و تەلاری وا دروست نەکراوە ئەمە نموونەیکە کە لە هەزار کە زۆری ئاگاداریمان هەیە بە بەڵگەو شایەت. ئایا ئەمانەن نوێنەری ڕاستەقینەی ئەم شارە قارەمانە ئەگەر لە پاڵ ( ی ن ك ) دا نەبێت کە ئەو غەدرانە دەکەن کەس لێیان قبووڵ نەئەکردن تا ئێستا .

چاوەکانمان دکتۆر گیان / ئەمانە مشتێکن لە خەروارێ ئێمەش بۆیە جەنابت ئاگادار دەکەینەوە لە دڵسۆزیمان و لە خۆشەویستی ئەم شارە پیرۆزە جەنابیشت دڵسۆز و خەم خۆر و خەڵکی ڕەسەنی ئەم شارەیت ئێستا کاتی دەست بەکاربوونە بۆ گەڕانەوەی ناهەقی و غەدر کە لەم شارە کراوە ئەگەر هاوکاریمان بکەیت هەموو بڕیارمان داوە کە بە هەموو شێوەیەك پشتگیریت بکەین وە بارودۆخەکە بۆ جەنابت لە بارە ئەگەر ئیدارەی ئەمریکی و تەحالوف و خەڵکی ڕەسەنی شاری سلێمانی و دەورو بەری لەگەڵتا بن لە ١٠٠ ٪ سەرکەوتوو ئەبیت تا کار لە کار نترازاوە و فرسەت لە کیس خۆت مەدە با بۆ مێژووی ئەم شارە جێ دەستت دیاربێت. ئایا ڕەوایە ئێمە خەڵکی شارەکە قووربانی بدەین و بکەوینە ژێر ڕەحمەت و باڵی خەڵکی ئەم لاو ئەو لا. ئێمەی نوێنەری کۆمەڵەی زەوییە داگیرکراوەکانین چوار کەسمان هەڵبژاردووە بۆ نوێنەرایەتی ئامادەین بە پەلە لە ماڵی جەنابت چاوپێکەوتنێك بکەین بۆ چارەسەرێکی گوونجاو بۆ ئەم کێشە گەورەیە لە ماڵی کوردەواری خۆمان نەك ڕێگەی تر بگرینەبەرو ڕوو بکەینە بێگانە با وەك مەسەلەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێ نەیەت.ئەگەر بیاڵ ویستایە لە دێیەك لە کوردستاندا بنیشتنایە چارەسەری شەڕی براکوژیان بکردایە نەك بێگانە.ئێمەش دەمانەوێت لە ماڵەکەی جەنابت وەك برا ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین بە هەردوو لامان . لێرەدا دەمانەوێ جەنابت ئاگادار بکەینەوە کاتی سەفەرەکەت تا هاتنەوەت لەسەر ئەمری بەڕێزت دوو کۆبونەوە کراوە بەڵام

ئاگادارین لە هەردوو کۆبونەوەکەدا حاکم قادر و فاتح عبدالله عباس قسەیان هێناوە بە سەریا بۆ ئەوەی کۆبونەوەکە سەر نەگرێت چوونکە تا ئەمڕۆ زەوی خەڵکی تر ئەوەی فریای نەکەوتوون دابەشی دەکەن بۆ نموونە بە شێوەیەکی نهێنی زەوویەکانی بناری گۆیژە کتابی سری ناردووە بۆ بەشی هونەری لە دائیرەی تاپۆ بۆ دابەش کردنی ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات و چارەسەرنەکرێت مانای بێ زەوی دەمێنینەوە مانی (ئەنفال)ی خەڵکی شارەکە مانای ئەبینە (قەرەج)

برای بەرێز / ئێمە لەسەر بڕیاری جەنابت کە لە ماڵی خۆتان بە ئامادە بوونی کاک ئازاد و صلاح چاوشین فەرمووت لە ٢٠ ٪ سافی ئەرزەکانتان ئەدەینەوە کاتی خۆی لە ساڵی ١٩٩٨ لە سەر بڕیاری (٥٦) کە کاک کۆسرەت ئیمزای کردووە کە ٢٠ ٪ سافیمان بدەنەوە دوای ئەوە عەبدولا یاسا تێکدەر لە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار بردیە بەردەم وەزیر و ئیمزا و مۆری کرد بوو بە یاسای (فاتح عبدالله و حاکم قادر) ئەمە کورتەیەکە لە یاداشت و داوا کارییە دڵنیاین کە دێیت بە دەنگمانەوە ئیتر چاوەڕێی دەستی مەردانەتین لەگەڵ رێز و خۆشەویستی و دڵسۆزیماندا.

کۆمەڵەی داکۆکی لە خاك و سەروەری شاری
سلێمانی و دەوروبەری

هەر بەم بۆنەیەوە ئەم کۆپلە شیعرە پێشکەشە: —

داریـــك لقـــی زۆر لـــێ بـــێتـــەوە
هەرگیز ئەو دارە بـــەرز نـــابێتـــەوە
ڕووبارێك جۆگـــەی زۆر لـــێ بێتەوە
تەوژمی ئاوی کـــەم دەبـــێتەوە
وولاتیك تیـــکەو لـــیکەی تێ کەویت
هەرکەس دەستی بوو بەشی خۆی دەویت
«پیرەمیرد»

١٤ / ٢ / ٢٠٠٤

لە باتی ١٧٦ ئیمزای خاوەن ئەرزی داگیرکراو

**بۆ بەڕێز / حاکمی ئیدارەی ئەمریکی لە عێراق مستەر ( پۆڵ بریمەر ) پێشکەشە**

**سڵاوێکی گەرم**

پێشەکی دەست خۆشیتان لێ ئەکەین لەکارەکانتان وزاڵ بونتان بەسەر تیرۆرستان کەبەناوی دین و عروبەوە تەقینەوەو کاری نامرۆڤی ئەنجام ئەدەن هیوادارین بەردەوام بن ئێمەش پاڵپشتانین لە پێناو عێراقێکی دیموکراتی وشارستانی و عەدالەت کە مافی مرۆڤ پێشێل نەکرێت بەناوی دین و قەومیەتەوە .

ئێمەی خەڵکی ڕەسەنی بەشەرەفی شاری سلێمانی و دەوروبەرین هەزارەها خێزانین بۆ دوا جار ئاگادارتان ئەکەینەوە چۆن میللەتی عێراق ( ٣٥ ) ساڵ بەدەست دیکتاتۆری ( صدام ) ئەیناڵاند ، ئێمەش پاش ڕاپەڕینی ئازاری ( ١٩٩١ ) تائێستا هاوارمانە بەدەست ئیدارەو مەسئولینی سلێمانی ، کاتی خۆی ئێمە قوربانی و خوێنمان ڕشت نەك هەر بەرەکەی ئەمان ئەیخۆن بەوەش نەوەستاون کەوتونەتە فەسادەتی ئیداریو ئەخلاقی دوور لە نەریتی کوردەواری ئەمجا لە ٩٠٪ ی تیجارەت و مقاولات بەدەست ئەمانەوەیە خەڵکی شارەکە بێ ئیش و سەیر کەرە ئەمە لەلایەن گەورەترین تەعەداو کێشەکە هەمانە ئەوەی کە ڕژێمی ( صدام ) فریای نەکەوت ئەرزی خەڵکی داگیر کردن بەبێ حساب و موقابیل . کاتی خۆی لە ( ٢٠٠٠/١٠/١٧ ) دا بڕیارێکیان دەرکردووە بەناوی قەراری ( ١٢٤ ) بەئیمزای ( مام جەلال ) وەك لەناو ئەو ئەوراقانەدایە کەبۆمان ناردویت وەتەرجومەشمان کردووە بەئینگلیزی / ئەڵێت : ( بەپێی ئەم قەرارە هیچ حاکمێك بۆی نییە گوێ لەدەعوای خاوەن ئەرز بگرێت ) قەراری وا لە جیهاندا لە هیچ وڵاتێکی دوا کەوتوشدا نەبیستراوە مەگەر هەر ( بن لادن قەراری وا دەربکات بۆ دوژمنەکەی ) ئێمە بۆ دوا جار ئاگارتان ئەکەینەوە ئەم ئیدارە بۆگەنەی ئێرە بەناوی کوردایەتییەوە تیجارەت ئەکەن وەك مافیاکانی ( کۆلۆمبیا ) کەچۆن تیجارەت بە تلیاکەوە ئەکەن . ئەمان ئێوەیان چەواشە کردووە بە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن و قسەی زل . ئەگەر دکتۆر ( بەرهەم ئەحمەد ) کەخەڵکی ڕەسەنی ئەم شارەیە سەرۆکی حکومەتی هەرێمە لە سلێمانی ئاگادارتان ئەکەینەوە ئەگەر بیەوێ خزمەتێکی ئەم شارە بکات بە تایبەتی ڕێگرتن لە داگیر کردنی ئەرزی حەرامی خەڵکی ئەم شارە هیچ دەسەڵاتێکی نیە بەسەریاندا هەوڵیشی دا هیچ ئەنجامێکی نەبوو ئەمجا ئێمەی کورد ئەڵێین ( ئەرزو ناموس ) ئایا ڕەوایا قوربانیش بدەین و دوایی ئەرزیشمان داگیر بکەن هەر ناموسەکە ئەمێنێت پیروز ترین شت لە خوێنی کوردا ئەرزو ناموسە کەلە پێناویدا خوێنمان ڕشتوە لە دژی داگیر کەری کوردستان ئێستاش خۆمان ئامادە کردوە لەگەڵ ئەمانیشا خوێن بڕێژین . ئەمجا دوا پێش نیارمان بۆ ئێوە کە ئێستا حاکمی ئیدارەی هەموو عێراقن ئەوەیە کە بەپەلە وەك چۆن لە( ٢٠٠٤/٤/١ ) ( ئۆفیسی کومسیونی کارو باری سکاڵاکانی موڵکداری عێراقی لە سلێمانی ) کراوەتەوە بۆ ئەوانەی کە لە ( ١٧ )ی تەمووزی ( ١٩٦٨ ) ەوە هەتا ( ٩ )ی نیسانی ( ٢٠٠٣ ) کەلە حوکمی دیکتاتۆری ( صدام ) ئەرزو موڵکی داگیر کراوە بۆ شکات و قەرە بویان ئێمەش داوا ئەکەین بە گەیشتنی ئەم یادداشتە یان لە هەمان شوێن یان شوێنێکی تر لیژنەیەك پێك بێت لە ئەمریکیو بیانی بەمەرجێك خەڵکی ئێرە دانەنێن لەو لیژنەیەدا ئەوانەی ئەرزو موڵکیان داگیر کراوە هەر لە دوای ڕاپەڕینی ( ١٩٩١ )تا پێك هێنانی ئەو لیژنەیە تا ئەو ڕۆژەی دەست بە کار ئەبن تکامان لێتان ئەوەیە بە گەیشتنی ئەم نارزاییە دەم و دەست بڕیارێ دەر بکەن بۆ ئیفرازو دابەش کردنی ئەرزی خەڵکی ئەگەر گوێ بیستمان نەبن ئێوەش با وەك ئینگلیز ناوتان نەچێتە پەڕەی ڕەشەوە کە کاتی خۆی ئینگلیز نەی هێشت کورد مافی خۆی هەبێت هەر وەکو هەمو قەومو میللەتێك لە جیهاندا ئەگەر لەو ساوە کورد خاوەنی گیانی خۆی بوایە ئێستا ئاواتان لێنەئەهات بەدەست عەرەب و دینی ئیسلامی درۆوە . ئیتر چاوەڕێی بەپەلەی هیمەتی دەستی مەردانەتانین بۆ چەسپاندنی عێراقێکی دیموکراتی یاسایی کە هەموو مرۆڤێك مافی خۆی بپارێزێت هەر لە ( زاخۆ ) لە کوردستانەوە تا ( بەسرە ) و خواروی عێراق لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزماندا . ( کۆمەڵەی داکۆکی لە خاك و سەروەری شاری سلێمانی و دەوروە بەری ) تائێستا لەباتی ( ١٢٢٥ ) خێزانی ئەرزی داگیر کراو .

٢٠٠٤/٤/١٥

## ( بانگەوازێك وئاگادارکردنەوەیەکی کۆتایی )

بۆجەماوەری بەشەرەفی شاری سلێمانی ودەوروبەری ...

بۆهەموو کوردێکی دڵسۆزی خاوەن ویژدان چ لەکوردستان چ لەهەندەران ...

ئەنجامی ئەرز داگیرکردنی خەڵکی لەلایەن ئیدارەی هەرێمی سلێمانی کێ بەرپرسە؟

ئێمەی خاوەن ئەرزە داگیرکراوەکانی خەڵکی شاری هەڵمەت وقوربانی ودەوروبەری کاتی خۆی لەبەرواری (٢٠٠٢/٤/٢٨) داواکارییەکمان پێشکەش کرد بۆ (بەڕێزان سەرۆکی هەرێم وسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران) بۆچارەسەرکردنێکی یاسایی وعادیلانە (سوودی نەبوو) ، دووەم جار بە (٩ لاپەڕە) بەناوی (ئاگادارکردنەوەیەکی دڵسۆزانە) ، سەرو نوسخەش بۆ: ڕۆژنامەکان وحیزبە کوردستانیەکان ولیژنەی ماوبەشی پرۆسەی ئاشتی وپەرلەمانی هەرێمی کوردستان ووەزیری شارەوانی وگەشت وگوزارو وەزیری کشتوکاڵ وئاودێری و وەزیری مافی مرۆڤ وپارێزگاری سلێمانی (سوودی نەبوو) ، جاری سێهەم بە (٤ لاپەڕە) لەبەرواری (٢٠٠٣/١/٢٥) بەناوی {بۆ بەڕێز جەنابی مام جەلال سکرتێری ی.ن.ك بەپەلە} ، نوسخەیەکیش (بۆ بەڕێز دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەپەلە) (ئەنجامی نەبوو) ، بۆ دواجار بڕیارماندا رووبکەینە وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار چونکە ئەوان پەیوەندیان هەیە بەبڕیاردەرکردن وداگیرکردنی ئەرزی خەڵکی ، بریکاری وەزیر ویستی یارمەتیمان بدات پەیوەندی کرد بەنووسینگەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کەبزانێت بڕیارێك دەرنەچووە لەوێوە لەبارەی چارەسەرکردنی ئەو ئەرزانە (هیچ شتێك لەو بارەیەوە دەست نەکەوت) ئێمە لەمێژەوە ئەمان زانی کەئەمانە هەمووی پلان وپیلانە کەعەبدوڵلای یاسا تێکدەر لەوەزارەت بەئارەزووی خۆی بڕیار ئەنووسێت ئەو عەبدوڵلایە برایەکی لە ١٩٨٤ دا کاتی وتوویژ لەگەڵ ڕژێمی بەغدادا بوو ، خۆپیشاندانی زیاتر لە ٥٠٠ منالی نەترسی ئەم شارە بەرامبەر مقەڕی موستەشارەکان لەبینای (شەهید عوسمان) دەستی پێکرد لەسەر سەربانی بینای ئۆلۆمپی براکەی دۆشکای ئەنا بەو منالانەوە دوایی ٤ پێشمەرگەی گیان لەسەر دەستی دێرینی خەڵکی سلێمانی لەپشتەوە بۆی سەرکەوتن وچوارپەلیان گرت و لەو بەرزاییە فڕێیان دایە خوارەوە ، ئێستا ئەڵێن ئەویان کردووە بەشەهیدو ئەرزیان داونەتێ ، جەنابی وەزیریش لەبەرئەوەی خەڵکی ئێرەنیە (پیاوەتی ئەکات بەناوی حەمامەوە) هەر بڕیارێك عەبدوڵلای نایاسا بۆی ئەباتە بەردەمی یەکسەر ئیمزای ئەکات چونکە بڕیاری هەردووکیانە (ئەمجارەش بەدەستی بەتاڵ گەڕاینەوە) ئەمجا لەبەرواری (٢٠٠٣/٢/٣) لەپارکی ئازادی بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٣ ساڵ بەسەر هەڵبژاردنی سەرۆك وئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی بەناوی (سەکۆی ئازاد) کۆمەڵێك بەرپرس و وەزیرو سەرۆك دائیرەکان وفەرمانبەریان بانگ کردبوو لەگەڵ چەند کەسێکی بیانی بۆمەبەستی ڕاگەیاندن بۆخۆیان گوایە لاسایی (هایدپارکی) لەندەن ئەکەنەوە کەهەرکەسێك بیەوێ ئەتوانێت بەئازادی قسەی خۆی بکات ، بەلام لە خاوەن زەویە داگیرکراوەکانیان شاردبۆوە بەلام خۆشبەختانە نیوەڕۆ پێش ئەو ڕۆژە پێمان زانی وسەرلەبەیانی ئامادەبووین بەشیعارێکی ناڕەزاییەوە کەبینیانین زۆر دڵگران بوون. لەپێشا حاکم قادر بەناو خەڵکی دەنگی بۆداوەو نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکی بەشەرەفی شاری سلێمانیە باسی خزمەت گوزاری و چالاکیەکانی شارەوانی ئەکرد ، پاش ئەوەی چەند کەسێك قسەیان کرد ئێمەش هەر چۆنێك بێت نوێنەرێکمان گەیاندە سەر میکرۆفۆنەکەو ناڕەزایی خاوەن زەویە داگیرکراوەکانی دەربڕی ، حاکم قادر لەوەلامدا پێی وت بڕۆن شکات بکەن لەمەحکەمە یەکێکی ترمان چوو وەلامی دایەوە کەکاتی خۆی بڕیارێك دەرچووە لەسەرۆکی هەرێمەوە بەژمارەی (١٢٤) لەبەرواری (١٧ / ١٠ / ٢٠٠٠) دا لەخاڵی (٥) دا هاتووە ئەڵێت: ﴿ قەدەغەیە دادگا گوێ لەشکاتی خاوەن زەوی بگرێت ﴾ لەبەرئەوە هیچ پارێزەرێك نەی ئەتوانی داکۆکیمان لێبکات ئایا لەجیهاندا تائێستا بڕیاری وابیستراوە؟ دوایی کەداوای (صورة قيد) مان لەتاپۆکرد ئەرزی ژمارە $\frac{30}{1}$ زەرگەتە کەهی وەرەسەی شێخ عەزیزی خەلیفەی کانێسکانی کە ٧ شەهیدیان هەیەو ئەرزەکانی ئابلاخیەکانیش پاش داواکاری و ڕەسم دان چەندجارو چەند ڕۆژێك گەڕان دۆسیەکەیان نەدۆزیەوە دوایی کیتابێکمان دەست کەوت لەبەرواری (٢٠٠١/٦/٥) دا دەرچووە بەئیمزای (قادر حەمەجان عەزیز) سەرۆکی شارەوانی سلێمانی کەئەم ئەرزە لەوەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار دەستی بەسەرا گیراوەو فایلەکەشیان لای خۆیان داناوە لەگەڵ فایلی ئەرزی ئابلاخیەکان و گەڕەکی دەباشان ، وتمان ئێمە (ئاسنی سارد ئەکوتین)و یاری بەئەقڵمان ئەکەن بڕیارماندا لەرۆژنامەکاندا ناڕەزاییەك بلاوبکەینەوە ئەوەبوو لەرۆژنامەی (جەماوەر) لەبەرواری (٢٠٠٣/٧/٧) ولەرۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) لەبەرواری (٢٠٠٣/٧/١٦)دا بەناوی (ئەرزی خەڵکی و حەرام قووت ئەدرێت؟ یان دوایی لەقورگ دەگیرێت) بەئیمزای (١٠١٧ خاوەن زەوی) کەهەریەکێك ٢٠ تا ٣٠ سەر خێزان ئەبن ، لەوساوە خەڵکێکی زۆر کەئەرزیان داگیرکراوە پەیوەندیان پێوەکردین ئامادەیی خۆیان پیشاندا بۆهەرکارێکی پێویست کەپێی هەستین ئیتر ئەوەنەما دووبەرەکی و سێبەرەکی بخەنە ناومانەوە ئەمە زەردەو ئەوە سوورەو ئەوە سەوزەو جارێکی تر شەڕی براکوژی بخەنە ناومانەوە بۆمەبەستی تایبەتی خۆیان وخوێنی لاوی خەڵکی بخەنە

کاسەوەو بەری ئەو خوێنە وەك شەراب بینۆشن ، ئێستا بەکوێرایی چاوچنۆکان دەستمان خستوەتە دەستی یەکتری وبەیەك دەنگ کۆمەڵەیەکمان پێکهێناوە بەناوی (کۆمەڵەی داکۆکی لەخاك وسەروەری شاری سلێمانی ودەوروبەری) چونکە شارەوانی لەهەر شارو شارۆچکەیەك هەن دەستیان گرتووە بەسەر زەوی خەڵکی ئەو شوێنانەشدا بەناوی (بەرژەوەندی گشتی) ئێمە پرسیارێك ئەکەین ئەگەر لاوی خوێن گەرمی نیشتمان پەروەری راستەقینەی شاری سلێمانی وشارو شارۆچکەکان ودێهاتەکانی دەوروبەری نەبوایە کەچەکیان کردە شان وبۆداکۆکی لەخاکی کوردستان لەدژی داگیرکەر خوێنیان رشت وئێستا ئێوە بونەتە داگیرکەرو لەهیچەوە لەسەر حسابی خوێنی شەهیدان ئێستا هەر یەکێك لەئێوە بوونەتە (ملیاردێر) ئائەمانەن بازرگان بەناوی کوردایەتیەوە ، هەر بەوەش نەوەستاون لە (٨٠٪) ی بازرگانی شتومەك کەلەدەرەوەی ولات ئەی هێنن وئەو پرۆژەو بینایانەی کەئەیدەن بەبەڵێندەرەکان لەرێکخراوی (هابیتات) ودائیرەکان دەستیان گرتووە بەسەر ئەمانەشدا بۆیە ئەو شتومەك وئەو بیناو شەقامانەی ئەیکەن سەقەت دەرئەچن. ئێستا یەك پارچە ئەرزەی شارەوانی وەی خەڵکی نەماوە لەناو شاردا هەمووی کرا بەناوی کەس وکاری مەسئولە گەورەکان کەزوربەی کۆشك وتەلارو بازاڕو بینای گەورەو گەراج وبەنزینخانەو گازینۆیان لەسەر دروستکردووە. ئەمجا شوێنە خۆش وگەشت وگوزارییەکان کەلەسەر ئاوی سەرچنارە وەئەم بەرو ئەوبەر دەست بێنەکات تانزیك پردی قلیاسان ڤێلاو مەسبەح و مەشتەل وباخچەیان لەسەر درووست کردووە بۆ رابواردنی شەوانیان ئەمانە هەمووی میراتی باوکیانە بۆیان ماوەتەوە کەهەمووی یەك یەك شوێنەکانیان ئەزانین کەهی چ مەسئولێکەو داگیرکراوە ؛ ئەوە دامان ناوە بۆ ئەو کاتەی کەناوی هەموو ئەوانەی ناویان لەفایلەکانی موخابەراتی عیراق بلاونەکرێتەوە. ئەمانە هەر بەوەنەوەستاون پەلیان هاویشتووە بۆ هەموو شوێنێك ئەوەتا شوێنی پاسەکانی گواستنەوە (مصلحه نقل الرکاب) داویانە بەنووسینگەی داناس کەخاوەنەکەی دکتۆری ئاژەڵ خیرالله قەلادزێی کەسەربەخۆیانە بەبێ موزایەدە لەمانگی ئازاری ئەمساڵدا مەتری بە (٣٥٠ دینار) هەروەها لەهەمان کاتدا شوێنی بەندیخانەی سەرەوە داویانە بەحسەینی مەلا ساڵحی زرگوێزی مەتری بە ٦٥٠ دینار ئەم برادەرەش دوای لێدانی بەغدا کەلەوێ ماڵیان لەگەڕەکی (دوورالرفاق) بوو هاتەوە سلێمانی ئەمیان دۆزیەوە کەبیکەن بەناویەوە ، هەمان کات شوێنی گەڕەکی چوارباخ لەهەشتاکاندا دەستی بەسەرا گیرا (صدام) پلانێکی ئەنفالیان بۆ ئەو گەڕەکە دانا تائەگاتە دەستارەکە ناویان لێنابوو (منطقة الخضراء) بەلام فریای رووخاندن نەکەوتن ئەمان پێیان چۆڵ کردن و رووخاندیان گوایە ئەیکەن بەخەستەخانە بەلام دوایی وتیان (صدام) قبوڵ ناکات ئەو شوێنە بکرێت بەخەستەخانە ، ئێستاکە کردوویانە بە ٤ کەرتەوە هەر پارچەیەکیان داوە بەیەکێك سەربەخۆیان کەبینای لەسەر بکەن واتە لەباتی رژێمی بەغدا ئەمان بۆخۆیان ئەیکەن بە(ناوچەی سەوزایی) هەروەها بەهەمان شێوە لەهەشتاکاندا نیازیان وابوو لەپشتی سەراوە ئەو گەڕەکە بکەن بە (منطقة المدني) واتە بۆ بینای حکومی ئێستا ئەمان گۆڕیویانە بۆ (منطقة التجاري) بەنیازن ئەو گەڕەکەش تێك بدەن بیکەن بەبازاڕ ، ئەوەتا کیتابێك بۆ ٦ ماڵ چووە لەبەرواری (٢٨ / ٧ / ٢٠٠٣) دا کەوا ئەو خانووانە چۆڵ بکەن گوایە لەبەرواری (٢٠٠٣/٧/١٩) دا سەرۆك وئەنجومەنی شارەوانی ئەو بریارەیان دەرکردووە بەئیمزای (حاکم قادر حەمەجان) گوایە ئەمانە هەڵمان بژاردوون ونوێنەری راستەقینەی جەماوەرن؟ ئەمجا ئێمەی خاوەن ئارزەکان ئەڵێین کاشکا ئەو ئەرزانە بدرایە بەماڵە شەهیدی راستەقینەی دێرین نەك لە ٨٠٪ ی بەخەڵکی ئەم لاو ئەولاو ماستاوچی و ئەمجا چڵکاوخۆری رژێمی رووخاوی (صدام) بۆنمونە گەڕەکی دەباشان بەئەمری (عزة الدوري) ئەو ئەرزە فراوانەیاندا بەشێخ قادری چویسە ئەو ئەرزانەش هی خەڵکی مەڵکەندین وئەو کاتە زوربەی لاوەکانی وەرەسەی ئەو ئەرزانە لەهەشتاکاندا پێشمەرگەبوون لەدەرەوە هەندێکی مەرتیپ وشەهید وزیندانی و بێ سەروشوێنیان هەیە هەموو ناسنامەکانیان تا ئێستا پارێزراوە بۆ رۆژی لێکۆڵینەوە دوای راپەڕین ئیدارەی هەرێمی سلێمانی لەباتی لێیان بسەننەوە وبیان نێرنەوە بۆ دێکەی خۆیان کەچی بەپێچەوانەوە (١٥٠) پارچە ئەرزی تریان دابوونێ ئەمە نەزانرابوو تا پار کەوتنە گلەیی و رەخنە لەرۆژنامەکاندا لەسەرۆکی شارەوانی گوایە ئەبێت ئەو گەڕەکە ناوبنرێت (گەڕەکی شێخ قادری چویسە) لەباتی بەتوندی وەلامی بدەنەوە بەبریارێك لەئەنجومەنی وەزیران کەلەرۆژنامەی (سپیدە) دەرچوو ٤٤ پارچە ئەرزی تریان داونەتێ بۆئەوەی هەرچی سەر بەرژێمی بەغدا بوو دڵنەواییان ئەکردن ئێستا خەڵکی سلێمانی شێخ تایەریان ناوناوە (شێخ علوج) لەبەرئەوەی ٢ ئۆتومبیلی تالانی لەژێردایە پیاسەی پێئەکات ، هەروەها نمونەی یەکێکی تر کەکاتی خۆی لەهەشتاکاندا کەسەر بەرژێم بوو لەکەرکوکەوە بەترێلەی گەورە سووتەمەنی ئەهێنا بۆ (شمال الحبيب) ئەویش کەناوی حاجی محەمەدی بامۆکی یە ئەم پیاوە بەرزەش پێرار شەکرێکی گەورەی شکاندووە بەمام جەلالی وتبو ئەگەر رێگەم بدەن چواردەوری شاری سلێمانی ئەکەم بەبیناو ٤ قاپی تێئەکەم ، وەك سلێمانی خان بێت وخەڵکەکەشی کەرو ولاخ بێت وخۆشی خانچی بێت لەوەلامدا مام جەلال قبوڵی نەکردبوو پێی وتبو تۆ بەچی تێر ئەخۆیت.

خەڵكی ئەنفال كراوی بەشەرەفی هەڵەبجەی شەهید ئەڵێن ئەوپیاوە بەئەسڵ خەڵكی هەڵەبجە نیە ، نازناوێكی هەبو كەبانگیان ئەكرد ، چوو بۆ حەج كەئەو نازناوەی لێ بێتەوە ، نازانێت ؟ (كنرو ماست بەوەعدەی خۆی) ، هەروەها ئاگاداری ئەوەشین كەلەمانگی ئازاری ئەمساڵدا وەزیری كشتوكاڵ وناودێری ٣ دۆنم و ٨ ئۆلك بەكیتاب وئیمزای خۆی دابوی بەئاراسی كوڕی حاجی محەمەدی بامۆكی لەبەكرەجۆ نازانین بۆچی ئەمانە لەخەڵكی سلێمانی زیاتر ئازاترو جوان ودەنگ خۆشن یان مەسەلە شەریكیەو لەیەك ئاو ئاو ئەخۆنەوە. ئێمەی خەڵكی سلێمانی ئەوەڵەوە كەئەو بینا گەورانەمان ئەبینی لەسەر (شەقامی سالم) بەتابلۆیەكی گەورەو جوان وامان ئەزانی ئیدارەی هەرێمی سلێمانی لەبەر ڕێزلێنانی كەلە گەورە پیاوی شارەكەمان ناویان ناوە (حاجی مستەفا پاشا یامۆكی) كەدوایی بۆمان دەركەوت هی ئەو پیاوە گەورەیەیە كەلێرە ڕێزی تایبەتی لێ ئەگرن.

ئەمجا دوایی بابێینە سەر ئەوەی كەلەم بەهارە تەڕوبڕەی ئەمساڵدا چۆن لە (پرۆسەی ئازادی عێراق) ڕژێمی (صدام) هەرەسی هێنا پاش ٣٥ ساڵ ، چەند دڵخۆش بووین لەباتی سەركردەو حیزبە كوردستانیەكان بەتایبەتی سەركردایەتی ئیدارەی هەرێمی سلێمانی پاش ئەوەی كەناڵای كوردستانیشیان بۆ هەڵكردین ئەو كاتەی شاروشارۆچكەكانی ژێر دەستی ڕژێم كەهەرەسی هێنا لەسنوری ئیدارەی كوردی ئەبووایە مەفارزی سیاسی وعەسكەری هەموو حیزبەكان بەبەشداری هەموو لایەك دەستیان بگرتایە بەسەر دائیرەكان وگیان ومالی هاوولاتیشیان لەتالان بپارستایەو پاش ماوەیەكی كەم دەوائیرەكان بكەوتنایەتەوە گەڕ بۆ خزمەتی هاولاتی كەچی ئەمجارەش بەداخەوە دەست كرا بەتالانی گەورە كەلەمەسئولی گەورەوە دەستی پێكرد خەڵكی تریش چاویان لەوان كرد (گەورە ئاو ئەڕێژێت بچوك پێی لێ ئەخات) جارێكی تر ناوی كورد دابەزی و شاروشارۆچكەكان ئێستا بونەتە گەراج وڕۆژانە كارەساتی دڵتەزێن بەئوتومبیلی تالانی بەدەست نەفس نزم وناشیەوە ڕوونەدات وسیمای شارستانیەتیشیان تێكدا بەتایبەتی لەم پایزەداو نزیك زستانە كەوتونەتە تێكدانی شاری سلێمانی بەناوی پرۆژەو خزمەت گوزاری بەشارەكە لەو پارەیەی مابووهی بڕیاری ٩٨٦ بەئەمری ئیدارەی ئەمریكی پێیان وترا ئەبێت سەرف بكرێت بۆ شارەكە بەپەلە كەوتوونەتە تێكدان ئەمەش و زۆری ئوتومبیلی تالانی بەتایبەتی لەشاری سلێمانی بۆتە هۆی پیس كردنی ژینگەش. تائێرە ڕای ئەگرین بزانین لەمەودوا چیتر ڕوونەدات دواجار داوایەكی دڵسۆزانە ئەكەین لەسەركردایەتی ی.ن.ك بەتایبەتی ئەوانەی كە پاكن ودوورن لەو ناوانەی كەلەو فایلانەدان ئێمەی زۆرمان كەپێشمەرگەبووین لەڕیزی یەكێتی جارێكی تر داواتان لێ ئەكەین كەقوڵی مەردانەی لێ هەڵكەن وەك پێش ڕاپەڕین وەفا بۆ گیانی پاكی شەهیدان وكەس وكاریان و باناوی پێشمەرگە دێرینەكان بێ لەكەبن و بەسەروەری بمێننێتەوە ، دواجار داواكارین كەپاك سازیەك بكەن و بەخێرایانا بچنەوە با ئەو مێژووە لەكەدار نەبێت ، ئیتر چاوەڕێی غیرەت ودەستی مەردانەیانین لەگەڵ ڕێزو دڵسۆزیماندا ...

﴿ كۆمەڵەی داكۆكی لەخاك وسەروەری شاری سلێمانی ودەوروبەری ﴾
لەباتی ١٠١٧ ئیمزای خاوەنی ئەرز داگیركراو
[illegible] / ١٠ / ٢٠٠٣ یەكەم ڕۆژی ڕەمەزان